# شێوانی زمانی کوردی

پارێزەر
**فائق جەمیل**

زمان کۆڵەگەی سەرەکی کیان ومانی نەتەوەیە لایەنێکی زۆر گرینگە لە پێکهاتوەکانی نەتەوایەتی, پێشکەوتنی خسلەتەکانی و گەشەپێد انی بەستراوەتەوەبە بە پێشکەوتنی میللەت لەرووی سیاسی وئابوری وکۆمەلآیەتی هەروها راستەوخۆ پەیوەندە بە قۆناغی سیاسی و شێوەی رژێم هەڵبەتە لە کەش وهەوای دیموکراسی وسەربەستی دەگاتە ئەوپەری پلەی پاراوەو پوخت وهاسان بە شێوەیەك زۆربەی پێویستەکانی زمانی بەکارهاتوی رۆژانەی خەلك و نوسین وخوێندن دابین دەکات واتە هەرنەتەوەیەك کە دەگات بە قۆناغێ پێشکەوتو یەکسەر ئەم دیاردەیە لە زمان ونوسین و بوارەکانی ئەدەبی وهونەری خۆی دەنوێنی بەلاّم لە گەلّ وەش ئەم دیاردەیە بە رێك وپێك سەرناگری گەرمیللەت رێنمایی نەکرێت شێوەی راست ودروستی زمانەکەی بە خوێندن و نوسین نەخرێتە بەرچاو بەتایبەتی لە قۆناغی هەلّسانی ورزگاربونی لە ژێر دەسەلاّتی غەیرە گەیشتن بە مافە دیموکراسی یەکان . لەم بارەوە بێگومان قوتابخانەکان بە تایبەتی سەرەتایەکان رۆلّی گرنگ لەم مەید انە دەبینن ئینجا گشت دام و دەزگای روشنبیری وچاپەمەنی وبلاّوکردنەوە .

دوابەدوای بەیانی 11ئاداری سالّی 970 بۆ ماوەی چەندین سالّ لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لە زۆربەی ناوچەکوردی یەکان خوێندن بەکوردی بەردەوام بو هەروها ئەدەب وبابەتەکانی کوردی بە گەلّێ بوارو بابەتەوە بەرەو پێشکەوتن دەخشی و کۆلیج بۆ ئەدەب ومێژوو کوردی لە بەغدا ولە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کرایەوە گەلّێ گۆڤار بلاّودەبۆنەوە لە ( دەزگای رۆشنبیری وبلاّوکردنەوەی کوردی )–سەر بە وەزارەتی روشنبیری لە بەغدا . مەید انێ چاکی سازدابو بۆ گەلّێ شاعیرو نوسەرو چیرۆك نوس قەلّەمی لاوێتی خۆیان لەم گۆرەپانە بەکار بێنن .

هەر لەم رێرەوەدا پاش راپەرینی 991 ودامەزراندنی حکومەتی نیمچە سەربەخۆ و دور لە دەسەلاّتی رژێمی بەعس زمان ونوسین وئەدەب و بابەتەکانی دی لە کوردستان پەرەی ساند بە سەدان کتێب ورۆژنامەو گۆڤار کەوتنە بازار .هەلّبەتە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر زەق بو لە گەشەکردنی زمان ونوسین وخوێندنەوەی کوردی – بەلاّم لە هەمان کات نوسین وخوێندنی عەرەبی پاش کەوت باوی نەما تا رادەیەك هەندێ نەفام لە ئاکامی هەندە هۆ ی سیاسی و نەتەوەیی نارەوا – لەم ماوە کورتە باسی لێوە ناکرێ _- کەوتنە بەر بەست کردنی و, فەرامۆشکردنی زمان ونوسینی عەرەبی لە کوردستان گەرچی هەلّەیەکی گەورە و وزەرەر بەخشە لە بواری رۆشنبیری و زانیاری بە گشتی , زمانی عەرەبی رەسەنە زمانی زانستی و ئەدەب و مێژوێکی زۆردێرین , خاوەن سەدان هەزار بەرگ و وکتێب و گۆڤارو رۆژنامە , میراتگری لایەنەکی فرەوانە لە ژیاری ئادەمیزاد , بێگومان هەردەم گەلّێ رۆشنبیرو پسپۆرو خوێندەوار بە شێوەیەك پێویست بە زمانی عەرەبی ئەبێت تەنانەت زمانێکی دی زندوی ئەوروپاش لە ولاّت خۆی بچەسپێنی بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی .

- لە لایەکی دی گەر خوێندەواری کورد لەم قۆماغە ورد بیتەوە لە زۆرینەی دەقە نوسینەکانی گۆڤا رو رۆژنامە کان وگوێبستی برنامەکانی رادیۆو تەلەفزیونی ئەم دوا سالاّنەدا بێت بۆی دەردەکەوێ کە وا خەریکە بشێوین نەك لە زمان ونوسینی رەسەن , ئەترازێت لە بەکارهاتوی زمانی رۆژانەی کورد هەلّبەتە ئەم دیاردە نێگەتیڤە لە هەندێ لایانەوە ئەگەریتەوە بۆ کەمتەرخەمی و بێباکی لە روی زمانەوانی بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشو بە تایبەتی لە زەمانی رژیمی بەعسی فاشیست کە مەترسی هەبو ئەم رژیمە ئێمەی کورد لە کوردایەتییمان بشۆرێنی بۆیە زیاتر بەم زمانە پاراوەی کە دەزاندرا خۆمان پێهەلّدەواسی بە هەمو شێوەیەك ناسنامەو زمانی خۆمان دەپاراست , نوسەری کورد خەمخۆری زمانی رەوان و رەسەن بو شەرم بو نوسینێك هەرچەند بە تێن وتام و تەسەلّ بێت وشەی بەیانی لە مەیاندا زۆرو زەق بە دی بکرێت جێی رەخنەی قورس بو , خۆی لە واقع دا ئەم رفتارە بەرگری بو لە نەتەوەکەمان بە واتەی ئێمەش خاوەن زمان و رێزمان و رێنوسین بەلاّم لەم قۆناغە ئەم ترسە لە گۆرێ نەماوە بۆیە هەندە بەربەست نین لەم بارەوە پشتی خۆمان لێ کردۆتەوە , هەلّبەتە هەلّەیەکی زۆر گەورەیە گەر بەم شێوە بروات زمانی کوردیمان وەك فارسی وتورکی ئەکەوێتە گێژەنەی وشە بیانییەکان و ونبونی هەزاران وشەی رەسەنی کورد , وا ئاشکرایە هەردو زمان ( فارسی وتورکی ) زیاتر لە سەدا چلی پێکهاتووە لەوشەی عەرەبی , بۆیە جێی مەترسی یە رۆژێ نەوەی کوردیش وشەکانی عەرەبی وەك (تکتل و ئیلتزام , شفاف , کشف , انحیاز , تاکید , تأیید , مؤامرە , تقریبا , خلافات , حقیقە ) و سەدان وشەی عەرەبی دی کە رۆژانە بە وتەو نوسین بەکاردێت بە کوردی رەسەن لە قەلەم بدرێ هەروەك ئێرانی و تورکەکان کە بە سەدان وشەی عەرەبی بە گفتەونوسین بەکاردەهێنن بێ وەی بزانن وشەی عەرەبیە هیچ بنەمایەکی فارسی پێوە نیە هەروها زمان

ونوسینی تورکی گەرچی بە پیتەکانی لاتینی ئەنوسرێت , هەڵبەتە ئەم وشانە بەدرێژایی چەند سەد ساڵێ کەوتونەتە نێو زمانەکانیان لەوانەیە ئێمەش نوسەرو رۆشنبیرو ئەدیبانی کورد گەر رێبازمان بەم شێوە بێت وەك فارسەکان – بۆ نمونە – شتێ ئەڵێن وئەنوسین لە شێوەی تابلۆ هەڵواسراوی بەنزینخانەی شارەکانی ئێران کە نوسراوە ( جمیع دخانیات بتاتا ممنوعست ) واتەکەی بەگشتی وادەگەێنی کە ( گشت جگەرە کێشان بەیەکجاری قەدەغەیە ) هەمو وشەکان عەرەبین جگە لە (ست ) نەبێت بەڵام نەوەی ئێرانیان ئەم راستیە نازانن .

شایانی وتنە شێوانی زمان بە گەڵێ روو بەدی دەکرێ بۆ نمونە لە نێو زۆربەی بازاری شارەکانی کوردستان زۆر زەق و ناشیرینە , هەر دوکان و وپێشەنگایەك بێ پەروازە بە وشەی بیانی و نوسین و رینوسی ناراست وچەوت تابلوکانیان هەڵواسیوە . کورد سەدان ساڵە وشەی ( دوکان ) بۆ فرۆتن وکاروکاسبی بەکاردێنی گەر چی لەم قۆناغە کراوەتە ( شوێن ) کە بە عەرەبی ئەکاتە (موقع , مکان) کە زۆر دورە لە واتەو مەبەست لە دوکان . هەڵبەتە دوکان بەتایبەتی بۆ بازار بە کار دێت بەڵام شوێن کە لە ( موقع )ی عەرەبی وەرگیراوە واتەیەکی گشتی یە بۆ هەمو شوێن و جێگا ئەگونجێ جگە بۆ بازارنەبێ کە لە کوردی وشەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمیش ( دوکان )ە , بۆ نمونە ئەنوسن ( شوێنی رانیە بۆ کەلوپەل , شوێنی کۆیە بۆ ساردەمەنی , شوێنی ئازاد ...) لە هەمان کات وشەی (بازارگا ) کە لە گەڵێ دوکانەکان هەڵواسراوە دارشتنێ هەڵەیە پێکهاتوە لە دو وشە بەیەك مانا ئەویش ( بازار وگا ) بازار شوێنەو ( گا )هەربەمانای شوێن دێت . بازار لە کۆنەوە بریتیە لە چەند دوکان بە یەکەوە . بە هەر حال پێویستە کورد بگەرێتەوە وشە ( دوکان )ە رەسەنەکەی باوباپیران , لەلایەکی دی لە ناو بازار تابلۆی زۆر سەیرو سەمەرە بەدی دەکرێ بۆ نمونە { شوێنی بە کرێدانی بەلدرۆزەرو كافة المكائن الثقيلة , ....( چای لبتۆن تامی بەرزە ) , بۆ هەڵدان بە شیری نیدو تابلۆیەکەی بە نوسینێکی درشت ئەڵێ ( لەبەر ئەوەی مندالەکەت شایانی باشترە ) سەیرە ..! یانی چی ..؟ چەرخی لە جیاتی هاوچەرخ , پێشاندەر ... لە جیاتی پێشەنگاه , شوێنی ئەلحضارة بۆ دیکۆر } ... ,هەروها شیرنەمەنی هەڵسوراوە بە شیرینی , نوسیوەیەتی ( شیرینی ئەبو عەفیف , شیرینی کاروان ... ) هەڵبەتە چەند جۆرە شیرینێك لەدوکان بۆ فرۆتن دابندرێ بە شیرنەمەنی ناودەبردرێت وەك ساردەمەنی وسوتەمەنی نەك شیرینی , خۆ لە فەرمانگاکان شتی سەیر بەکار هاتوە هەروەك _(-دادگای کەتن ) لە جیاتی -محکمە الجنح _ کە کەتن و جنح هەرگیز یەکتر ناگرنەوە – عەرەب ئەڵێ – جنح الی السلم – واتە باڵی بۆ ئاشتی دا شکاند , بۆیە پێویستە وشەیەکی گونجاو دابرشترێت کە لەگەڵ مەبەستی دادگاکە بگونجێت . هەروها لە برێوەبەرایەتی رەگەزنامە وشەی ( رەگەز ) بەکاردێت بۆ نێرو مێ – کاتێ رەگەز لە بنەرەتا بۆ عنصر وجنس بەمانای نەتەوەیی بە کاردێت نەك نێرو مێ , کورد دەڵی بە رەگەز کوردە , عەرەبە , فارسە , نەبوە بلێن بە رەگەز مێیە یا نێرە .... ؟؟ بۆ سوکایەتی ئەڵێ بێ رەگەزە واتە بێ ئەسڵە ( اصل) هەروها ( رەگەز پەرست ) لە کوردی باوە . هەر بەم شێوەیە ( محکمە البدا ە ) - گۆراوە بە ( دادگای بەرایی ) کەچی بەرایی بە مانای (پێش ) دێت نەك سەرەتا , کورد دەڵێ ماڵم لە بەرایەتی یە یا بەرایێ واتە لە ناوچەی پێشەوە یە, بەر ئێوارە , بەرە بەیان , .بۆیە دادگای سەرەتا یا سەرەتایی زۆر راسترە نەك بەرایی بەتایبەتی پاش سەرەتایی دو قۆناغی دادگای تر دێت( پێهەڵچونەوە ( استئناف ) و تەمییز ) . هەڵبەتە لە گشت فەرمانگاکان لە هەرێم ( صادرەو واردە ) هەن هەریەك لەمان بەشێوەیێکی جیاواز نوسراوە بۆ نمونە { دەرکردەو هاتوو , وەرگرتە و,دەرچو , هاوردە , دەرهاتە ... ) بۆ مسۆگەر , سۆگرتە ( security ) کە لە دێرینەوە لای کورد باوە ئەڵێن ( دڵنیایی ) بەم شێوە بە ( شرکە التأمین ) ی عەرەبی ئەڵێن ( کۆمپانیای دڵنیایی ) , لە راستی دا دڵنیایی بەرامبەرەکەی بە عەرەبی ئەکات بە (اطمئنان ) واتە ( ئارامی دڵ ) نەك مسۆگەرکردن بۆیە دابین ومسۆگەر کردنی ژیان لە وڵاتە پێشکەوتوەکان پێی ئەڵێن social security . سەیر ئەوەیە لە سەر تابلۆ زەبەلەحەکەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە جیاتی ( العمل والضمان الاجتماعي ) **نوسینێکی درشت نوسراوە { کارو دەستەبەریی } بێگومان کەس نازانی _ خوا نەبی _ ئەم ( دەستەبەری یە ) بۆ وشەی ( الضمان ) ی عەرەبی لە کوێ هاتوە** ...؟, هەروها لە هەندێ بانك لە جیاتی ( توفیر ) ی عەرەبی ( بەلانان ) بەکار دێنن کە لە واتە دا هەرگیز یەکدی ناگرنەوە لە کاتێ لە دێرینەوە کورد وشەی ( پاشەکەوت ) بۆ ( توفیر ) بەکاردێنی . هەروها لە هەندێ فەرمانگاکان بۆ ( بدالە )ی تەلەفۆن بگۆر بە کاردینن من وای بۆ دەچم کەزۆر تەواوە بەڵام لە هەمان کات لە هەندێ دی کردویانە بە ( گۆرینگە ) , فەرمانگایەك لەسەر تابلۆکەی نوسیتی ( بەرێوەبەرایەتی ئاوی گوندەکان و( کۆگاکان ) وێرای هەڵەی رێزمانی لەم رستەیە , نەبیستراوە بە ( خزان ) ی ئاو بوترێ کۆگا ..؟ ئەڵێ ( رووبەر ) لە جیاتی ( مساحە )ەی عەرەبی بە تایبەتی بۆ پیوانی زەوی لە کاتێ رووبەر ( واجهە ) ی عەرەبی یە ( ئەو رووەی کە لە دەرەوەیە یان لە پێش دایە ) واتە بەری رووی زەوی بە مەتر نەك پیوانی زەوی بە مەتری دوجا ( متر مربع ) یا هەر مێژەرێ دی لە هەمان کات وا پێدەچی کە ( جا ) کورتکەرەوەی ( دوجار ) بێت کە ئەمیش زۆر نا گونجاو دارشتراوە , زۆر نوسەر کۆمەڵگا بەکاردێنێت بە مانای ( کۆمەڵ ) ئەمەش نادروستە چونکە ( گا یان گاه ) بە مانای شوێن دێت واتە کۆمەڵگا بە مانای شوێنی کومەڵ دێت نەك کۆمەڵ وەك ( وڵات ) بۆ نمونە, ئەنوسن (طقطق ) گەرچی لە زمان ونوسینی کوردی پیتی ( ط ) نیە . تەنانەت بەرلەمانی کوردستان قانونی ( الاستثمار ) بە ( یاسای وەبەرهێنان ) ناوبردووە کە لە بنەرەتا ( بەرهەم )ە نەك ( وەبەر ) کە ئەم وشەیە بەم مانایە

نیە لە زمانی کوردی لە گەڵ وەش ( بەرهەم هینان ) بە مانای (انتاج ) دێت کە جییایە لە ( استثمار)ی عەرەبی , لەوە بو گەر کاتی خۆی سەرچاوەکی زانستی زمانەوانی هەبواو پرسیارێك بکرابە لە بارەی وشەیەکی گونجاو بۆ وشەی ( استثمار ) بێگومان هەردولا بە ئەنجامێ دروست ئەگەیشتن . هەزاران وشەی دی بەم شێوانە دارشتراون – لەوەدانیە لەم چەند دێرە کۆبکرێتەوە – زۆربەی چەوت وناراست گەڵێ لەمان راستەو خۆ لەزمانی عەرەبی وەرگێردراوە بێ خۆ ماندوکردن بە دوایی وشەی رەسەنی کوردی زۆرانی دورن لە مەبەست ومانە هەروەك دورە لە زمانەوانی پتەو .

لە راستیدا نا دروستی زمانەوانی وبێ قانونی تابلۆکانی ناوبازار لەم باسە تەواو نابێت بە شێکە لە دیاردەیەکی فروانتر ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ بێ باکی و فەرامۆش کردنی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ بە گشتی واتە ئەم شێوانەی زمان لەم ولاتە روێکە لە دیاردەی گەندەلی لەولات بە گشتی . بێگومان گەربەم شێوەیە جەلەوی بۆ شل کرێت هەرکەسێك و فەرمانگایەك لە خۆیەوە ناوێ یا زاراوێك دارشت کات هیچ سەرچاوەیەك و (مرجعیە )تێکی زمانەوانی نەبی لە کوردستان چەند سالێ دی نابات زمانەکەمان بە نوسین و وتن لە زمانی کوردی دەشۆرێ . بەهەر حاڵ شێوانی زمانی کوردی لە ماوەی پانزەساڵەی رابوردو واتە پاش راپەرین 991 دیاردەیەکی رەچاو کرابو لە مەیدانی گشت لایەنەکانی ژیان بە تایبەتی ئابوری و رێکلام وراگەیاندن هەروها رۆشنبیری بە گشتی . گەشەپێدان وپێشکەوتنی بوارەکانی ئابوری بەتایبەتی بازارو بازرگانی ناوخۆو دەرەوە و پەرەسەندنی لایەنەکانی رۆشنبیری و زۆربونی دام ودەزگاو ئامێرەکانی راگەیاندن . بەرامبەر ئەم هەڵس وکەوتە زمانی کوردی لە م ئاست وتوانا نەبو کە پێویستەکانی ئەم گەشەپێدانەو پێشکەوتنە – گەر وەراورد بکرێ لە گەڵ چەند سالانی رابورد و – کە گەڵێ لایەنی ژیانی گرتەوە دابین کات زۆر جار لە کورتی دەدات وپڕی ناکاتەوە سەربار سالانە سەدان داهینان و ئامێر و زاراوەی زانستی وکۆمەلایەتی وئابوری نوێ لە جیهان دەردەکەوێ وپەرت وبلاودەبێتەوە , ؟؟

ئێمەی کورد ئەبێ بسەلمێنین کە لەبەر گەڵێ هۆکاری مێژویی وسیاسی – بە تایبەتی نەبونی دەوڵەتی کوردی لە ماوەی چەندین سەدەی رابوردو – زمانی کوردی لە گەڵێ لایانەوە دواکەوتوە لەگەڵ چەرخی زەمانە پێنەگەیشت بۆیە نوسەری کورد زۆرجار پەکی دەکەوێت ناچاردەبیت لە خۆیەوە وشە دارشت کات یا روبکاتە وشە بیانیەکان زۆربەی عەرەبین لە کوردستانی باشور فارسین لە کوردستانی رۆژهەلات بە تایبەتی سەبارەت بە نەبونی ( مرجعیەتێ زمانەوانی ) , لەگەڵ وەش لە نوسین و وتە بێژەکانی رادیۆ وتەلەفزیۆنەکانی کوردی بە داخەوە گەڵێ وشەی بیانی بەدی دەکرێ وگوێبیست دەبی گەرچی بەرانبەرەکانی بە کوردی زۆرن بۆ نمونە لە جیاتی دەڤەر و ناوچە ( منطقة ), هێز( قوە ), نێزیکەی (تقریبا ), هێرش (هجوم ), راستی ( حقیقە ) , هەژار( فقیر) بە سەدانی وشەی دی بێ رەواو نالەبار بە کار دێت.

شایانی وتنە { مارکس } ئەڵێ – زمان جگە لە خسڵەتەکانی کۆمەلایەتی و روشنبیری – ئامێرێکی بەرهەم هینانە , لە م روانگەوە زمانی کوردی لە واقیع دا لەم قۆناغە بە گشت لایەنەکانی وەك گشت ئامێرە بەرهەم هینانەکانی دی کەوتوتە بن باری چینی ( برژوا )ی خاوەن دەسەلات و سەرمایە تازە پێگەیی لە نێو کۆمەڵ لەسەر حیسابی کەلاکی سیستەمی دەرەبەگ و داب ونەرەتی عشرەتی لە سەرتا پای کوردستان ئەمیش بەبێ باکی و نارەوا ئەیچەوسێنێتەوە – بە هەر شێوەیەك بێت – بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری و دابین کردنی بەرژەوەندەکانی لە کاتێ دەزگاکانی زانستی و زمانەوانی وروشنبیری لە هەرێم دەستەوژنو وەستاون بێ وەی ئەم شێوان وچەوسانەویە بەربەست بکەن لە پێناو پاراستنی وگەشەپێدانی وشەی کوردی .

بێ گومان کۆری زانیاری کوردستان لە هەرێم لەم مەیدانە بەر پرس بو لە بواری پێشکەوتن و بەربەست کردنی تێوەردان و شێوانی زمانی کوردی , واتە پاراستنی زمانەکەمان راستەوخۆ لە ئەستۆی ئەم دەزگایە بو پێش هەلۆەشاندنەوەی . ,لە هەمان کات ئەرکی وەزارەتی روشنبیری و ئامێرەکانی راگەیاندنی جۆراوجۆر وەك رۆژنامەو گۆڤارورادیۆ و ئیستگەوکەنالە تەلەفزیۆنەکان لەم بارەوە ئاشکرایە .

لە بواری پاراستنی زمانی کوردی و گەشەپێدانی , ئەزمونێ زۆر ساکار ئەخەمە بەرچاوی خوینەران . وابو لە دوا سالانی حەفتایەکان لە سەدەی رابوردو لە { دار الثقافة والنشر الکردیە } واتە – دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی - سەر بە وەزارەتی روشنبیری وراگەیاندن لە بەغدا لە زەمانی رژیمی بەعس کارم دەکرد . لەم کات خەڵکانی کورد دانشتوی بەغدا کە بەرژەوەندێکی ئابوریان دادەمەزراند وەك بازاڕ , ئوتێلێ , چیشتخانەێی ناوی کوردیان لێ دەنا ئەم ناوە کوردیە – بە پێی یاسای پاراستنی زمانی عەرەبی - ئەبوا دەزگایەکی کوردی وەك کۆری زانیاری کوردی یا دەزگای روشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی دوپاتی کردباوە کە ئەم ناوە (محلیە ) واتە بیانی نیە بۆ رازی بوون بە ناوەکەو هەڵواسنی تابلۆی تایبەت , هەڵبەتە لە مەیان پەیوەند کردنی خاوەنی بەرژەوەند بۆ ئەم مەبەستە بە یەك لەم دوو دەزگایا رێنوس ورێزمانی نوسینەکە پوختە دەکرا لە لایەن فەرمانبەران پێش وەی بنێردرێت بۆ شوێنی دیاری کراو . بۆیە گەر وردبایتەوە لە گشت تابلۆکانی کوردی بەغدا تێبین دەکرا لە روی زمانەوانی زۆر رێك وپێك و بێ هەڵە بو بە پێچەوانەی زۆربەی تابلۆکانی هەڵواسراو لەم رۆژگارە لە هەرێم .

بێگومان ئیمرۆ لە گشت رۆژانی رابوردوی گەلی کوردستان بە مەبەست پاراستن وگەشەپێدانی زمانی کوردی زیاتر پێویستی بە سەرچاوەو

( مرجعيه ) هەیە بە پاڵپشتی یاسای تایبەت , هەڵبەتە   كۆری زانیاری كوردستان لە هەرێم وەك – وڵاتانی دی — لە جیهان بەم سەرچاوەو مرجعیە لە قەلەم دەدرا   هەڵئەسێت بەم ئەركە نەتەویە گرنگە  بە پشتیوانی یاسایەكی تایبەت بە شێوەیەك بەرگری تێوەردان و شێوانی زمانەكەمان بكە  بە ناوی { یاسای پاراستن وگەشەپێدانی زمانی كوردی رەسەن } ئەم كارەش بێگومان ئەكەوێتە ئەستۆی بەرلەمانی كوردستان .

لەدوا وتە ئەبێ بزاندرێ نوسەری ئەم باسە كورتە  پسپۆر نیە لە زمانی كوردی ئەوەندەی نوسەر و خەمخۆری ئەم زمانەیە بۆیە پێویستە ئەم بابەتە لە لایەن پسپۆر و شارەزایان لە زمانی كوردی تاوتۆ بكرێ.

مانگی سپتەمبەر 2007

هەولێر